# ئایا هەندێک وشەت فێر بکەم کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری کردم، ئەگەر هێندەی شاخێک قەرزت لەسەر بێت؛ خوای گەورە لە جیاتی تۆ دەیداتەوە؟ بڵێ: ( اللهم اكفني بحلالك عن حرامك، وأغنني بفضلك عمن سواك )

لە عەلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: بەندەیەک* هات ووتی: ناتوانم ئەو ئەرکەی لەسەرمە جێبەجێی بکەم (بۆ دانەوەی نرخی ئازاد بوونم بە گەورەکەم)؛ یارمەتیم بدە، ووتی: ئایا هەندێک وشەت فێر بکەم کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فێری کردم، ئەگەر هێندەی شاخێک قەرزت لەسەر بێت؛ خوای گەورە لە جیاتی تۆ دەیداتەوە؟ بڵێ: «(اللهم اكفني بحلالك عن حرامك، وأغنني بفضلك عمن سواك)**». *(بەندەیەک: مەبەست -کۆیلەیە- کە لەو سەردەمەدا کڕین وفرۆشتنیان پێدەکرا وبەکاردەهێنران بۆ خزمەتکردن)، **(واتە: خودایە، ڕازیم بکە بە شتە حەڵاڵکراوەکانت لە جیاتی حەرامکراوەکانت، ودەوڵەمەندم بکە بە چاکەی خۆت لە جگە لە خۆت)

[حەسەنە] [تورموزی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: بەندەیەک* هات بۆ لای عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- کە دەیویست گرێبەست لەگەڵ گەورەکەی بکات بۆ ئەوەی ئازادی بکات بەرامبەر نرخێکی قیست، بەڵام بەندەکە پارەی پێویستی نەبوو بۆئەوەی بیدات بە گەورەکەی؛ بۆیە چوو بۆ لای ئیمامی عەلی داوای یارمەتی لێدەکات، ئیمامی عەلی ڕێنموێنی کرد بۆ پاڕانەوە لە پەروەردگار کە دەبێتە هۆی چارەسەرکردنی ئەم گرفتە، ئەمیش نزایەکە کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فێری ئیمامی عەلی کردووە -ڕەزای خوای لێبێت-، ئەگەر ئەم بەندەیە بە ڕاستگۆیی ودڵسۆزییەوە ئەم نزایە بڵێت، وهێندەی شاخێکی قەرزی لەسەر بێت؛ خوای گەورە هۆکارەکانی بۆ ئاسان دەکات بۆئەوەی قەرزەکە بداتەوە، پێی ووت: بڵێ: (اللهم اكفني بحلالك عن حرامك، وأغنني بفضلك عمن سواك)**، ومانای ئەوەیە: خودایە هێندە ڕزقی حەڵاڵم پێببەخشە کە پێویستیم بە ڕێگای حەرام نەبێت بۆ پەیداکردنی بژێوی وپێویستی ژیانم، وئەی پەروەردگار تەنها تۆ ڕزقم پێببەخشە ودەوڵەمەندم بکە بۆئەوەی داوا لە خەڵکی نەکەم. *(بەندەیەک: مەبەست -کۆیلەیە- کە لەو سەردەمەدا کڕین وفرۆشتنیان پێدەکرا وبەکاردەهێنران بۆ خزمەتکردن)، **(واتە: خودایە، ڕازیم بکە بە شتە حەڵاڵکراوەکانت لە جیاتی حەرامکراوەکانت، ودەوڵەمەندم بکە بە چاکەی خۆت لە جگە لە خۆت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5884